پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕۆژی عاشورا ڕۆژووی گرت

له ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕۆژی عاشورا ڕۆژووی گرت وفەرمانیکرد بە ڕۆژووگرتنی».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

زانایان کۆکن لەسەر ئەوەی ڕۆژووگرتنی ڕۆژی عاشورا سونەتە و واجب نییە، وسەبارەت بە حوکمی ڕۆژووگرتنی لە سەرەتای ئیسلامدا ناکۆکن کاتێک ڕێگەدرا بە ڕۆژووگرتنی پێش ڕەمەزان، ئایا ڕۆژووگرتنی ئەم ڕۆژە واجب بوو یان نا؟، ئەگەر وا دابنێین کە وتەی ئەوانە دروستە کە دەڵێن واجبە، ئەوا حوکمی ئەم واجبە هەڵوەشێندرایەوە بە هەندێک فەرموودەی سەحیح لەوانەش: عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: قورەیش ڕۆژی عاشورا ڕۆژوویان دەگرت لە جاهیلیەتدا (لە پێش ئیسلامدا)، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی کرد بە ڕۆژووگرتنی ئەو ڕۆژە هەتا ڕۆژووی ڕەمەزان فەرزکرا، وپاشان (سەبارەت بە ڕۆژووگرتنی عاشورا) پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «من شاء فليصمه ومن شاء أفطر» [البخاري: 1893, مسلم: 1125] واتە: «هەرکەسێک ویستی با (ڕۆژی عاشورا) ڕۆژوو بگرێت، وئەوەی نەیویست با ڕۆژوو نەگرێت».

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10121